# هەڵدانەوەی لاپەڕەیەك لە كتێبی (الأحكام السلطانية)ی ئیمامی ماوەردی!

پێشەكی:

بێگومان گەورەترین ئاكاری پیرۆزی مرۆڤ لەلای من، خزمەت كردنە بەمەردم، ئەمەیش لەئەنجامی پەروەردەێتی نێو مزگەوت و دەقە پیرۆزەكان و ئەزموونێكی چەند ساڵەوە فێربووم، كەوابوو ئەوەندەی لەكارە گشتییەكاندا من رەچاوی ئەوەدەكەم داخۆ ئەوتاكەی بەرپرسێتی كارێكی پێ دەسپێردرێت، چەن خزمەت بەخەڵك دەكات، هەرگیز تەماشای ئەوەناكەم داخۆ چەند روولەخوایە؟ خۆئەگەر ئەوكەسە، وەك جەنابی سەرۆك بارزانی دەڵێ: (بۆمرۆڤ سەربەرزییە كەخزمەتكاری میللەتی خۆی بێت)ئەوهابێت، هاوكات رێز لە بەهائاییینیە كانیش بگرێت و بەپێی توانا لەئاكاریدا رەنگبداتەوە ئەوە زۆرترلەلام خۆشەویست دەبێت، ئەوەش وەك تاكێك لەكۆمەڵدا مافێكی رەوای خۆمە.

بەڕێزان: بەرلەوەی بچمە نێو دووتوێی بابەتەكەی ئەمڕۆمەوە پێم خۆشە شتێكتان بۆبنووسم لەبارەی ئەو نووووسەرەوە و پێناسەیەكی كورتی بەرهەمەكەیشی: ئەبولحەسەن عەلی كوڕی موحەممەدی كوڕی حەبیبی ماوەردی370- 450 لەدایك بووی بەسرەیە و لەوێ و لە بەغدا خوێندوویەتی، ماوەیەكی زۆر قازی بووە و یەكێك بووە لەگەورە فەقیهەكانی مەزهەبی شافیعی. لەسەردەمی ئەودا وڵاتەئیسلامییەكان، بریتی بوون لە سێ دەستەڵاتی دژبەیەك، لە میسر فاتیمییەكان و لە ئوندولوس ئومەوییەكان و لە عێراق وخوراسان بەنی عەبباسییەكان، حوكمیان دەكرد. لەو سەردەمانەی ماوەردیدا بایەخ دانی حاكمەكان، بەخۆشگوزەرانی خۆیان و زیادەرەویكردن لەخەرج كردنی ماڵ و سامان و داهاتی دەوڵەتە ئیسلامێكان و بەتەنگەوەنەهاتنی رەعییەت و هاووڵاتیان، لە سنووری تێدەپەڕێنێت و ئافرەتبازی بەشێوەیەكی زۆر بەربادی وا دەبێت كە ژیانیان هەردەبێت بە كەنیزەك وكەنیزەككاری، لەلایەنی دەستەڵات و بارودۆخی سیاسی دەوڵەتیشەوە سات لەگەڵ سات بەرەو پەرتەوازەیی ودارمان دەچن، كەهۆكاری سەرەكی بریتی دەبێت لەگەندەڵی ئیداریی و دابەشكردنی دەستەڵات و كورسی لەسەربنەمای مەحسوبیەت و خزم خزمێنەیەتی، هاوكات سەرباری ئەوەی كەخەڵكی لە هەژارییەكی بێ سنووردا دەژین و برسێتی وڵاتەئیسلامییەكان دەگرێتەوە، خەڵكی شایان بەبەڕێوەبردنی وڵات بەزۆری پشت گوێ دەخرێن. ئیتر ئەم بەڕێزە لەو سەروبەندانەدا، وەك هەوڵێكی فریاكەوتنی بارو دۆخەكە، كتێبی(الأحكام السلطانية)دادەنێت، كە تیایدا بەپاڵ پشتی دەقە پیرۆزەكان و تێگەیشتنی زانایان لێیان ئەومەرجانە شیتاڵ دەكاتەوە كە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتن و زۆر بەوردی

هەموولایەنێکی دەستەڵات دیاری دەکات، کەئەوەی جێگەی سەرنجە بەلامەوە، دەبینین بەزۆری ئەو شتەپیرۆزانەی کەدەیانڵێت، بۆبەرژەوەندی عومومییە و کتێبەکەی دەکاتە چەند بابەت: بابەتی یەکەم: گرێبەندی ئیمامەت وگەورەیەتی موسڵمانان و چۆنێتی دانانی، بابەتی دووهەم: چۆنێتی دامەزراندنی وەزیر و هەڵبژاردنیان لەلایەن گەورەی موسڵمانانەوە، کە من لێرەدا بەپشتیوانی خوا، تەنیا باسی دووهەم دەخەمەبەردەم ئێوەی بەرێز. ماوەردی دەفەرموێت:(وەزارەت لەسەردووبەشە، وەزارەتی سەرپشککراو و سەربەخۆ بۆ بڕیارەکان(تفویض)لەگەڵ وەزارەتی فەرمان جێبەجێکردن(تنفیذ).

جۆری یەکەم، بەو وەزیرەدەڵێن: کە گەورەی موسڵمانان سەرپشکی دەکات بۆبەڕێوەبردنی کارەکانی دەوڵەت و ڕێگەیشی پێدەدا کە بەئیجتیهادی خۆی چارەسەری ئەو کێشانەبکات کەرووبەڕووی دەبنەوە، بوونی ئەم جۆرە وەزیرەیش لەدەوڵەتدا بەپێی شەرع کارێکی ئاساییە و دروستە، چونکە پەروەردگار، کەلەقورئانی پیرۆزدا باسمان لەوکاتە بۆ دەکات کەموسا پێغەمبەر(د.خ)دەنێرێت، بۆبەردەم گەورە دیکتاتۆری ئەوسەردەمە، فیرعەونی میسر، موسا (د.خ)دەفەرموێت: (ئەی پەروەردگار داوای ئەوەت لێدەکەم کەوەزیرێکم بۆ دابنێیت کە لە بنەماڵەکەی خۆم بێت و حەزدەکەم هاروونی برام بێت تابیکەیتە هۆکاری بەهێزبوونم، وبیکەرە هاوکارو شەریکم لە ئیشەکەمدا)ئایەتی (29) سورەتی(طه). جائەگەرلە پێغەمبەرایە تیدا، ڕەوابێت وەزیر دابنرێت، کەوابوو لەبەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکیدا، وەزیردانان، کارێکی زۆر ئاساییترە، چونکە ئەو ئیشو کارانەی بەگەورەی موسڵمانان دەسپێردرێن، مەرج نییە ڕاستەوخۆ بتوانێ جێبەجێیان بکات، مەگەر بەدیاریکردنی جێگر و یارمەتیدەر، - گەورەزانای کۆمەڵناسیی، ئیبنوخەلدون دەڵێ: سوڵتان، لە ئیشەکانی ژیانیدا وەك هەر تاکێکی نێو کۆمەڵ پێویستی بەیارمەتیدانی خەڵك هەیە، کەوابوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی و سیاسەتی دەوڵەت بەڕێوەبردن زۆرتر پێویستی بەیارمەتی خەڵك هەیە - کەوابوو دانانی وەزیر زۆرباشترە لەوەی کەهەر بۆخۆی کارەکان ئەنجامبدات و بڕیار دەربکات، جگەلەوەی کە بەبوونی وەزیر ئیشەکان دوور تردەبن لە هەڵەکردن.

ئەومەرجانەی دەبێ لەوەزیرداهەبن

ئەومەرجانەی کە پێویستە لەوەزیرداهەبن، بێجگە لەیەك دوودانەیان، هەرهەمان کۆمەڵە مەرجن کە دەبێ لەگەورەی موسڵماناندا هەبن، لەهەموویشیان بەرچاوتر و پێویست تر ئەمانەن:

1/ هەڵبژێردراو بۆ وەزیرێتی، دەبێ عادیلبێت، بەمانا ئەوشتانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی کەشایەتی لێ وەرنەگیرێت، تیایدا نەبێت.

2/دەبێ ئەوەندە زانستی هەبێت، کە بتوانێ ئیجتیهاد بکات و بەپێی زانیاری خۆی لەئیشەکەیدا کارەکان ئاسان بکات.

3/دەبێ بیستن و بینین و قسەکردنی تەواوبن.

4/دەبێ ئەندامەکانی لاشەی ئەوەند ساغ بن کە بتوانێ بەباشی بجووڵێتەوە و بگاتە شوێنی مەبەست.

5/ئەوەندە شارەزاو خاوەنی رایخۆی بێت کە بتوانێ کاروبار ببات بەڕێوە.

6/ هێندە ئازایەتی تێدا هەبێت کە بتوانێ رووبەڕووی دوژمن ببێتەوە.

7/دەبێ شایانی ئەوبوارەبێ کە پێی دەسپێردرێت، تابەباشی بیبات بەڕێوە. ئیتر ئەم مەرجانە لەهەر کەسێکدا هاتنە جێ و وەلی ئەمری موسڵمانان، ئەوکەسەی دیاری کرد بۆ وەزیرێتی، ئەوکات، بەپێویست دەگەڕێت لەسەرخەڵکی کە بەگوێی بکەن وگوێ رایەڵی فەرمانەکانی ببن. لەهەموو ئەمانەیش گرنگتر، ئەوەیەدەبێ ئەوکەسەی کە دەکرێت بەوەزیری سەرپشك کراو بەفیعلیی هاوبەشی بکات لە بەڕێوەبردنی ئەو کارانەدا کەپێی دەسپێردرێت، نەك هەر ناوبێت وخۆی لە ئیشەکان بدزێتەوەو هەمووی بخاتەوە ئەستۆی گەورەی حکومەت و بەرپرسیارێکان بخاتەوە بەردەم ئەو، چونکە وەك پێشتر لەمانای ئایەتەکەدا زانیمان، دەبینین موسا(د.خ) نەیفەرموو: هاروونی برام بکەرە وەزیروبەس، بەڵکو بەمەرجیگرت کە بیکاتە هۆکاری بەهێزکردنی و بۆی بکاتە هاوەڵی کارەکەی، خۆئەگەر بێت و بەباشی وشەی وەزیریش شیتاڵ بکەینەوە، دەگەینە ئەودەرئەنجامەی، کەوشەی وەزیر یان لە(ویزر)ـەوە وەرگیراوە، بەمانای قورسی وگرانی، یان فەعیلی بەمەعنا فاعیل(وازیر)، یاخود فەعیلی بەمەعنا مەفعول (مەوزور)بێت، هەر مانای ئەوەی تێدایە کە دەکەوێتە ژێر باری هەڵگرتنی چەندین کۆڵ و باری خەڵکی و دەبێ ببێتە بەرپرسیار لای خوا لەسەر هەرکەموکوڕییەکی ئەو وەزارەتەی کە پێی دەسپێردرێت، جائەگەر بەفیعلینەکەوێتە ژێرباری کارەکە، دیارە ناوەکەی پێشایان نییە!، یاخود لەوشەی(وەزەر)ـەوە وەرگیراوە، واتە: پەناگا، چونکە گەورەی موسڵمانان، لەکاتی پێویستیدا پەنای بۆدەبات تا یارمەتیدەری بێت بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان. یاخود لەوشەی (ئەزر)ـەوە وەرگیراوە،واتە: پشت، چونکە گەورەیموسڵمانان پشتی بەوان قایم دەبێت وەك چۆن لاشە بەهۆی پشتەوە پتەوو راگیراوەوقایمە.

ماف و ئەرکەکانی وەزیری سەرپشك کراو

ئەوکەسەی کەدەکرێتە وەزیر، هەندێ ئەرك رووی تێدەکات و هەندێك مافیشی دەکەوێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1/دەبێ جەنابی وەزیر گەورەی موسڵمانان لەهەمووشتەکان ئاگادار بکات و هیچی لێنەشارێتەوە.

2/دەتوانێ لەوئیشانەدا کە تیایدا سەرپشککراوە، بۆخۆی راستەوخۆ جێبەجێیان بکات.

3/دەتوانێ راستەو خوا لەشکات و سکالآکان بکۆڵێتەوەو بۆیشیهەیەجێگردابنێت.

4/بەپێی پێویست بۆیهەیە یارمەتیدەر دیاری بکات.

5/دەبێ وەزیر لەوەئاگاداربێت کەجەنابی وەلی ئەمر بۆی هەیە کەسانێك دیاری بکات لە میانەی ئیشەکانی وەزارەتدا کاربکەن بەبێ پرسی وەزیر، بەلآم وەزیر بۆی نییە کەسێك دابنێ کەبزانێ رای وەلی ئەمری لەسەرنییە.

جۆری دووهەم: وەزارەتی فەرمان جێبەجێکردن(تنفیذ):

کاتێ لەم جۆری دووهەمە ورد دەبینەوە:حوکمەکانی ئەم کەمترن ودەستەلآتەکانی زۆر بەر تەنگ ترن، چونکە ئیشی ئەم بەتەنیا هەرئەوەیە کەهەواڵەکان بگەێنێتە بەردەم جەنابی وەلیئەمر، بەکورتی کاری ئەم پەیام گەیاندنە لەگەورەوە بۆخەڵکی ولەخەڵکەوە بۆ بەردەم بەرێزیان. واتە: کارەکانی بەزۆری لە کارو باری باڵوێزدەچێت زۆرتر تابریتی بێت لەسەربەخۆیەتی.

ئەوسیفەتانەی کەدەبێ وەزیرپا بەندبن پێیانەوە:

1/ئەوکەسەی دەکرێتە وەزیر،دەبێ ئەمین بێت و خەیانەت نەکات لە ئیشەکانی کە پێی دەسپێردرێت لەلایەنی وەلی ئەمرەوە و خەیانەت نەکات لەگەیاندنی سکالآوداواکانی خەڵك بۆ بەردەم وەلی ئەمر.

2/دەبێ راستگۆبێت لەقسەکانیدا، تا ببێتە جێگەی متمانەی گەورەو خەڵکی.

3/ نەوسن و چاوچنۆك و تەماعاوی نەبێت بۆئەوەی سەرنەکێشێ بۆ بەرتیل خواردن، تا فێڵی لێ نەکەن لە رێگەی تێرکردنی حەزە تاکێکانییەوە.

4/ دەبێ دوژمنایەتی ورق و ڤین نەبێت لەنێوان ئەو و خەڵکیدا دەنا ئیشەکانی دادی تێدانابێت.

5/دەبێ شتەکانی زووبەزووبێتەوەیاد، چونکە گەورەی موسڵمانان کەشتێکی بۆدەڵێت، دەبێ ئەو لەکاتی پێویستدا زووبەزوو وەلآمی پێبێت و کەی گەورە پرسیاری لێکرد بێتەوە یادی.

6/دەبێ بیر تیژوزیرەك بێت، تاخەڵکی بەفێڵ و تەڵەکەلێکردنی سەری لێچەواشەنەکەن. 7/دەبێ ئارەزوو بازو خولیای کاری چەوت نەبێت، چونکە مرۆڤی ئارەزو باز، زوو دەدۆرێت و راستییەکانی لێ تێکدەدرێت و زاڵدەبن بەسەریداوچاوشۆری دەکەن!، هەربۆیەکە پێغەمبەر (د.خ)دەفەرموێت: (خۆشەویستیی مرۆڤ بۆهەرشت هەم کوێر و هەم لالێشی دەکات) بنوارە، ئەبوداود ژمارە(5130).ئیتر ئەگەر ئەم وەزیرە لەوانەبوو، کە گەورەی موسڵمانان جارو بار سوودلەراوێژ پێکردنی بکات، ئەوکات بەمەرج دەگیرێت: کە خاوەنی ئەزموون و تاقیکردنەوە بێت، ئەوەی کەزۆریش گرنگە ئەوەیە دروستە ئەو کەسەی دەکرێتە وەزیری (تەنفیز) ئەهلی زیمە، واتە: گاور، دیان، یان جولەکەیش بێت!.

جیاوازییەکانی هەردووجۆرە وەزارەتەکە

ئەم دووجۆرە وەزارەتانە، چەند شتێکیان لێك جودان، وەك:

1/وەزیری سەرپشککراو دەتوانێ راستەو خۆ دەست لەکارەکان وەربدات و ئیجتیهاد بکات، بەڵام وەزیری تەنفیزی بۆی نییە.

2/ وەزیری سەرپشککراو دەتوانێ جێگرو بەرپرسی پێویست بۆ شوێنەکان دابنێت، بەڵام وەزیری تەنفیزی بۆی نییە.

3/وەزیری سەرپشککراو دەتوانێ لەکاتی پێویستدا فەرمان دەربکات بۆ سوپا، بەڵام وەزیری تەنفیزی ئەومافەی نییە.

4/وەزیری سەرپشککراو دەتوانێ لەبەیتول مال بەپێی پێویست خەرج بکات و داهاتیشی بۆ بهێنێت، بەڵام وەزیری تەنفیزی ئەوەی بۆنییە.

5/ بەمەرج گیراوە ئەوەی دەبێتە وەزیری سەر پشککراو لەدەوڵەتیئیسلامیدا، کە موسڵمان بێت، بەڵام وەزارەتی تەنفیزی دەتوانرێ بدرێت بەکەسێك کە موسڵمانیش نەبێت.

6/وەزیری سەرپشککراو دەبێ شارەزایی لە شەرعدا هەبێت، بەڵام وەزیری تەنفیزی پێویستی بەوە نییە.

7/بەمەرج گیراوە وەزیری سەرپشککراو شارەزایی هەبێت لەکارو باری شەڕو خەرجی وباج و داهاتدا، بەڵام بۆ وەزیری تەنفیزی بەمەرج ناگیرێت)بنوارە: (الأحکام السلطانیة والولایات الدینیة، للماوردي) تحقیق وتخریج، خالد عبد اللطیف السابع العلمي، الناشر دار الکتاب العربي، لاپەڕەشەست ویەك بەدواوە، لەگەڵ پێشەکی توێژەرەوەکەی.

بەڕێزان: دوای ئەوەی بەئەمانەتەوە، ئەولاپەڕەیەم خستەبەردەمی ئێوەی خۆشەویست، رووی‌دەمم دەکەمە، ئەوخوشك وبرا بەڕێزانەی کە پشتیوان بەخوا، لەداهاتوویەکی نزیکدا، بەگیانی پڕ لەکوردایەتی و مرۆڤ دۆستییەوە، حوکومەتی تازەی کوردستان پێك دەهێنن ودەڵێم: سڵاوی خواتان لێبێت، ئەی‌ئەوکەسانەی کە گیانی بەرزەفڕی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و شەهیدانی یەکی شوبات و خانەوادەکانیان، چاویان لێتانە، سڵاوی‌خواتان لێبێت ئەی ئەوکەسانەی، کە ئەمانەتی خاکی گوردستان و داهاتیتان دەخرێتە بەردەست، سڵاوی‌کوردایەتی و شۆڕشتان لێبێت، ئەی ئەو دۆستانەی کە بەرهەمی‌رەنجی پێشمەرگەی هەموولایەنەکوردستانێکانتان دەخرێتە ژێردەست، وەك هاو وڵاتییەکی هەرزۆر ئاسایی تکای

برایانەم لێتان ئەوەیە، کە گوێ بۆئەم ئامۆژگارییانەم ڕابدێرن، کە لە دڵێکی پڕلەخەم بۆ کوردستان ومالّی کوردەوە دێتەدەرو بۆتانی دەخەمە نێو دووتوێی ئەم چەند دێڕانە:

بەڕێزان:

1/بیکەنە خاتری خوا، پاشان بیکەنە خاتری مرۆڤایەتی، بیکەنە خاتری کوردایەتی، ئاگاتان لەوبرایانە بێت، کە دەبنە پاسەوانی تایبەتیتان وگیانی خۆیان دەکەنە قوربان و ساقەسەری سەلامەتی ئێوە، ئەوانیش مرۆڤن، حەزیان هەیە مالّ و مندالّ دایك وباوك خوشك وبرا یان هەیە، ئیتر هەرلەوانەوە پێداوەرن، تا بەبچوکترین ئەندامی کۆمەڵگای کوردەواریدەگات، ئێوە لێمان بەرپرسیارن لایخوا و لای مێژوو.

2/ بۆخۆتان زۆر لەمن چاکتر دەزانن کە بەڕێزتان، بەکۆدەتای سەربازی نە هاتوونەتە سەرکورسی، ئێوەبوون بەدەنگ و رەنگتان، راستەو خۆ یان لەڕێگەی پارتەکانتانەوە پەیمانی زۆرتان بەئێمەی مەردمگەلی کوردستاندا، دواترسندوقتان، بلاّوکردەوە بەگەڕەکەکانی ناوچەو گوند و شار و شارۆچکەکاندا و لە2005/1/30، ئێمە خاك و ولاّت وشەرەف و ئاینی خۆمان و خوێنی شەهیدانمان کردە ئەمانەت لەئەستۆتان.

3/ با مالّ و مندالّەکانتان وانەزانن، وەزیفەوەرگرتنی ئێوە، سەرەتایەکە بۆدروستکردنی پەیوەندی نێوانیان و نێوان زێڕینگەر و سوپەرمارکێت و پێشانگاکانی کوردستان و پێشبڕکێی ئۆتۆمبیل کڕین و ئەملاك فرۆشتن و کردنەوەی کۆمپانیای تایبەتی، لەبیرتان بێت کە (لەکوردستاندا کەس لە یاسا بەرزترنییە) ئاگاداربن کە لەرۆژی دواییدا لە بەردەم پەروەردگارو رۆژیحەشردا جۆرە سزایەکی تایبەتی هەیە تایبەتە بەمەسئوولەکانەوە، ئەویش راگرتنیانە لەو شوێنەدا لەبەرگەرما، دە لەئیمڕۆدا خۆتان بەدادپەروەرانە کاربکەن، با لەوێ وەبەر ئەو سزاگەورەیە نەکەون کە دەفەرموێت: ﴿وقفوهم انهم مسؤلون﴾ئایەتی 24ی سورەتی صافات. واتە: رایانگرن ئەوانەکاتی خۆی مەسئول بوون، ئەوانە بەرپرسی خەڵکی بوون!.

4/ بادەرگای وەزارەتەکانتان لە ئاستی سکالاّی جەماوەر والاّبێت و گوێیان لێبگرن و بواری رۆژنامەنووسان بدەن با بەئازادی لێتان نزیك ببنەوە و کەسانێك کەپیاتان هەڵبدەن لەخۆتان نزیك مەخەنەوە و هەوڵبدەن کۆبوونەوەکانی وەزارەتەکانتان بخەنە دوای سەعات دوازدەو تا ئەوکاتە کارو باری خەڵکی راپەڕێنن.لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەوەی من قەناعەتم پێی بوو گوتم و ئێوە و خوا.

روونکردنەوەیەکی پێویست: لەلاپەڕە سێی رۆژنامەی خەباتی2005/2/7دا، بابەتێکم بلاّوکردەوە، لەژێر سەردێڕی (ئافەرم خەڵکی سونە)لە نێو بابەتەکەمدا، تاکەشیعرێکی شێخ رەزام وەك خۆی

هێناوە، بەلاّم هەڵەیچاپ شیعرەکەی تێکداوە، کەبەڕێز مامۆستا موحەممەد عەلی قەرەداغی  نامەیەکی بۆناردم وداوای ئەوەم لێدەکات، کە پۆزش بهێنمەوە بۆ ڕۆحی شێخ ڕەزا و بۆ سوننەیش، من لە کاتێکدا کە مەمنوونی مامۆستام،  لەباتی دەزگای چاپ داوای لێبوردن دەکەین.
خەباتی ژمارە(1713)2005/2/19.لاپەڕەسێ.